الاتحاد العام للاجئين العراقيين_فرع كردستان
فيدراسيۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی -عيَراقي _لقي كوردستان
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-KURDISTAN

## فیدراسیۆن خۆی بۆدەورەیەکی تری ناڕەزایەتی ئامادە دەکات
## لەڕیزی نارەزایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا ڕادەوەستین و بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی
## بەزۆری ناردنەوەی پەنابەران دێینەمەیدانەوە




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ( 2010/-2/12) كاتژمێر (2) ی پاش نیوەڕۆ فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لقی کوردستان، کۆبوونەوەی دەورەی خۆی سازدا لە هۆڵی هونەر جوانەکان لەشاری سلیمانی بە بەشداری (دەشتی جەمال)سكرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی و ژمارەیەك لەنوێنەرانی پەنابەرە دیپۆرتكراوەكان لە شارو شارۆچكەكانی كفری و كەلار و رانیەوحاجی ئاوا .

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەدەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێزگرتن لەو پەنابەرانەی لەڕێگای ژیانی پەنابەریدا گیانیان لەدەستدا، دەستی بەکارەکانیکرد، پاشان دەشتی جەمال لەووتەیەکدا وێرای گەیاندنی پەیامی نارەزایەتی بە حكومەتی عێراقی و حكومەتی هەرێمی کوردستان لەپەیوەندو بەو ئیتیفاقیانەی بەژیان و چارەنووسی پەنابەرانەوە ئیمزایان لێدراوە، هاوکات ووتی "ئێمە دەمانەوێت لەم کۆبوونەوەیەدا خۆمان بۆ دەورەیەکی تری ناڕەزایەتی ئامادەبکەین لە پاڵ حزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و ناڕەزایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا . ..کێشەی پەنابەران كێشەی ژیانە ..کێشەی سەرجەم كۆمەڵگای کوردستانە . ..و یەگرتوویی ڕیزەکانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان لە پاڵ بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکانی دیکەی خەڵکی کوردستاندا مانا پەیدا دەکات و بەهێز دەبێت.. " هەروەها ووتیشی "ئێمە پێویستە فشارەکانمان توندتر بکەینەوە، دەیان پەنابەر لەدەرەوەی وولات چاوی ئومێدیان بڕیوەتە هەوڵەكانی ئێمە ..دەیان خێزان و دایك و باوك لەچاوەروانی لە ئامێزگرتنەوەی مەرگی ئازیزانیان ئەوانەی لەڕێگای ژیانی پەنابەری ژیانیان لەدەستدا"لەبەشێکی تری ووتەکانیدا دەشتی جەمال پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان و کەسوکاریانی دڵنیاکردەوە کەخەباتی پەنابەران لەهاوپشتیەکی بێ ووچانی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی و یەکیتی کریکاریەکانی جیهان بەهرمەندو بەردەوام دەبن لەپێناو بەشکتکێشانی سیاسەتی دژی پەنابەری، تاکیدیشی لەسەر دامەزراندنی لقی فیدراسیۆن کردەوە لەکوردستان .

پاشان (ئامانج عبدوڵا)بەپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی راپۆرتی کاروچالاکی و هەڵسورانەکانی یەك ساڵی ڕابردووی لقی كوردستانی فێدراسیۆنی بۆ ئامادەبوان باسكرد .

پاشان دەرگا کرایەوە بەڕووی قسەوباس و پێشنیارەکانی بەشداربوان لەوانە ژمارەیەك لەپەنابەرە دیپۆرتکراوەکان کە زۆربەیان زیاتر لە 10ساڵ لە وولاتە ئەورپیەکان ژیانیانکردوە بەدور لە هەموو پرەنسیپێکی ئینسانی و بەگیرفانی خاڵی دیپۆرتی کوردستانکراونەتەوە و دەوری سلبی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپەیوەند بەخراپی رەوشی پەنابەران دایە بە ڕەخنە .هەروەها دایکی ژمارەیەك لەپەنابەری وون بوو و ئەو پەنابەرانەی بەدوای ناردنەوەیان کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێنا کارو هەڵسورانەکانی فیدراسیۆنیان بەرز نرخاند .

لە کۆتایشدا کۆبوونەوەکە چوە سەر کارەکانی داهاتووی فیدراسیۆن و تاکید لەسەر وەرگرتنی ئیجازەی فیدراسیۆن و دامەزراندنی ئۆفیس و ڕاکیشانی پشتیوانی بۆ خواستەکانی پەنابەران لەدەرەوە و بەدیهێنانی خواستەکانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان لەدەسەڵات، هەروەها لەسەر

توندکردنەوەی فشار بۆ حکومەتی هەرێم و گرتنەبەری شیوازی نارەزایەتی دیکە لەپێناو وەلام دانەوە بەخواستەبەرهەقەکانی پەنابەران، راوەستان لەپاڵ خەباتی کرێکاران و ژنان و خوێندران و لاوانی بۆ کردنەوەی کۆمەڵگا بەرووی ئازادیی و ئینسانی و خۆشگوزرەانی بەردەوام دەبێت .شایەنی باسە هەوڵنێران و ژمارەیەك لەدەزگاکانی راگەیاندن راپۆرتی خۆیان لەو کۆبوونەوەیە ئامادەکرد .

بـــۆ هەر زانیاریەك سەبارەت فیدراسیۆن- لقی کوردستان، پەیوەندی بکەن بە ئـــامـــانج عبداللە (بـــەرپـــرسی لقی فیدراسیۆن

لەکوردستان (بە ژمارەی: 07702204844 یان بەم ئیمەیلە abdullaamanj @yahoo. Com :

ئاری بە ژمارەی07707524343)،
بەختیارصالح(07709424949
فلاح کەلاری لەکەلار بەژمارەی (07708935350)،
موتلەب پشدەری (07703641706)،
جەبار لەرانیە (07701528739 .(

www. federationifir. Com